بەشی یەکەم

خوا پەرستی

بە تەنهایی و بێ شەریکی

پێشەکی

گرنگترین و لە پێشترین زانست ئەوەیە ئادەمیزاد بزانێت بۆچی دروست کراوە



الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله وآله. وبعد:

برایان و خوشکانی موسڵمان: ((السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)).

ئێمە دەزانین کە تەنها یەك پەروەردگار ئێمەی دروست کردوەو، تەنها ئەویش ڕزق و ڕۆزیمان دەدات و، قازانج و زەرەرو، خۆشی و ناخۆشی خەڵکی بەدەستەو، پەروەردگاری هەموو بوونەوەرە (ربُّ العالمين)ـە.

بەڵام پێویستە پێش هەموو شتێك بشزانین کە ئەو **مەبەستە** چیە کە پەروەردگارمان ئێمەی بۆ بەدی هێنانی دروست کردووە. وە کتاب و بەرنامە ئاسمانیەکانی لە پێناودا دابەزاندووەو، پێغەمبەرانی پێ ناردووە، وە هەروەها ژیان و مردن و، بەهەشت و دۆزەخیشی بۆ ئەو پێناوە داناوە ؟!.

چونکە هەر کەسێ نەزانێت بۆچی دروست کراوەو وژیانی پێ بەخشراوەو پێغەمبەرانی بۆ نێردراوە، وە هەدەف و حیکمەتی ئەم شتانەی پێشوو نەزانێت؛ ئەوە مرۆڤێکی وێڵ و سەرگەردان و گومڕاو زەرەرمەندە، پەنا بەخوا.
وە باشترین و ڕاست ترین سەرچاوەی زانستیش، کە لێیەوە ئەو مەبەست وهەدەف و حیکمەتە بزانین، بریتییە لە قورئانی پیرۆز، کە وتەو کەلامی ئەو پەروەردگارە یە کە دروستی کردوین.

لە ئایەتەکانی قورئاندا، بە چەندان شێوە دەردەکەوێت، کە مەبەست و هەدەف ئەوەیە: خوا بە تەنها بپەرستریٚ،

بۆ نمونە :

١. تاکە مەبەستی پەروەردگار لە دروست کردنی مرۆڤ و جنۆکە، ئەوەیە کە بە تەنهاـ بێ شەریك ـ بیپەرستین: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ (الذريات:٥٦)

واتە: دروستم نەکردووە جنۆکەو مرۆڤ، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بەتەنهاـ بێ شەریك ـ بم پەرستن.

٢. تاکە مەبەستی پەروەردگار لە ناردنە خوارەوەی پەڕاوو کتابە ئاسمانیەکان بە گشتی و قورئانیش بەتایبەتی ـ ئەوەیە کە بە تەنهاـ بێ شەریك ـ بیپەرستین:

﴿ يُنَزِّلُ الْمَلائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنْذِرُوا أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاتَّقُونِ ﴾ (النحل:٢)

﴿ الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ. أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنَّنِي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ ﴾ (هود:١-٢)

٣. یەکەم فەرمان کردنی قورئان بە ئێمە ئەوەیە کە بە تەنها بیپەرستین. وە یەکەم نەهی قورئانیش لە ئێمە ئەوەیە کە هیچ شەریکی بۆ دانەنێین:

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ. الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَكُمْ؛ فَلا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَاداً وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة:٢١-٢٢). ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ﴾ (الاسراء: ٢٣)

٤. تاکە مەبەستی پەروەردگار لە ناردنی پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ ئەوەیە کە بە تەنها ـ بێ شەریك ـ بیپەرستین:

﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴾ (الانبياء:٢٥)

﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ (النحل: ٣٦).

﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴾ (الأعراف:٥٩)

﴿ وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلا تَتَّقُونَ ﴾ (الأعراف:٦٥)

﴿ وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ﴾ (الأعراف:٧٣)

﴿ وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ ﴾ (الأعراف: ٨٥)

گرنگی خوا بە تەنهایی پەرستن و دووری لە شیرك لەوەدا دەردەکەوێت کە

کێشەی نێوان پێغەمبەران و موشریکەکانی گەلەکانیان تەنها لەسەر ـ تەنها خوا پەرستن ـ بووە:

*** قەومی نوح:**

﴿ وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدّاً وَلا سُوَاعاً وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْراً. وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيراً وَلا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلالاً ﴾ (نوح:٢٣-٢٤).

*** عادی قەومی هود:**

﴿ قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ. وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا . فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴾ (الأعراف:٧٠).

﴿ قَالُوا أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ آلِهَتِنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴾ (الأحقاف:٢٢).

*** ثەمودی قەومی صالح:** (هود:٦٢)

﴿ قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوّاً قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴾

باوکی ئیبراهیم و قەومەکەی:

﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَداً حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤)

﴿قَالَ أَرَاغِبٌ أَنْتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيّاً﴾ (مريم: ٤٦)

﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيّاً﴾ (مريم: ٤٨).

*** مەدیەنی قەومی شوعەیب:** (هود:٨٧).

﴿قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلاتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لَأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ﴾

*** ئەهلی مەشوەرەتی فیرعەون بەرامبەر موساو هارون:**

﴿قَالُوا أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا الْكِبْرِيَاءُ فِي الْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ﴾ (يونس:٧٨).

﴿فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ﴾ (غافر: ٨٤).

*** موشریکەکانی قورەیش بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ :**

﴿وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُوراً﴾ (الاسراء:٤٦)

﴿وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ (الزمر:٤٥).

﴿ذَلِكُمْ بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِنْ يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا . فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ﴾ (غافر:١٢).

﴿وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ. أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ.وَانْطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ.مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلَّا اخْتِلاقٌ﴾ (ص:٤-٧).

﴿وَإِذَا رَأَوْكَ إِنْ يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُواً أَهَذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولاً. إِنْ كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلا أَنْ صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلاً. أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلاً. أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلاً﴾ (الفرقان:٤١-٤٤)..

حەقی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە
بە تەنها بیپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن

موعازی کوڕی جەبەل ؓ وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم:
ئەی موعاز، دەزانیت حەقی خوا لەسەر بەندەکانی چی‌یە؟.
موعاز وتی: خواو پێغەمبەری خوا شارەزاترن.
پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوەیە بیپەرستن وە شەریکی بۆ دانەنێن.
دوایی فەرمووی ﷺ وە ئایا دەزانی حەقی (پاداشت دراوەی) بەندەکانیش لەسەر خوا چی‌یە؟!.
وتی: خواو پێغەمبەری خوا شارەزاترن.
پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوەیە کە سزایان نەدات کە حەقی ئەویان بەجێ گەیاند[١].

(1) صحيح البخاري: ٧٣٧٣.

* كەواتە مرۆڤی باش ئەوەیە كە حەقی خوا بەجێ دەگەیەنێت و خۆی بە زل نازانێت لە ئاستی پەرستن و بەندایەتی كردن بۆ خوا، وەك پێغەمبەران و فریشتەكان و پیاوچاكان:

﴿إِنَّ الَّذِينَ عِنْدَ رَبِّكَ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ﴾ (الأعراف:٢٠٦).

﴿وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ عِنْدَهُ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ﴾ (الانبياء:١٩).

* وە هەر كەسێ خۆی بەزل بزانێ لە ئاستی مل كەچی نواندن و پەرستنی خوا، ئەوە خراپترینی خەڵكی‌یەو، بە زەلیلی و سەرشۆڕیشەوە دەچێتە دۆزەخەوە:

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ، إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر:٦٠).

پەرستن و بەندایەتی بۆ كردن، تەنها مافی پەروەردگارەو، نابێت بۆ غەیری خوا بكرێت؛ چونكە شیركەو، مرۆڤ پێی لە دین دەچێتە دەر

پەوەردگار فەرمانمان پێدەكات:﴿ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً ﴾(النساء: ٣٦).

واتە: بەتەنها عیبادەتی (الله) بكەن و لە هیچ شتێكدا شەریكی بۆ بڕیار مەدەن.

كەواتە پێویستە مرۆڤ هیچ جۆرێكی عیبادەت بۆ غەیری خوا نەكات؛ نە بۆ فریشتە (الملائكة)، وە نە بۆ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)، وە نە بۆ جنۆكە، وە نە بۆ پیاوچاكان (الأولياء والصالحين)، چونكە ئەگەر عیبادەتی خوای كرد، بەڵام لەگەڵ خوا پەرستنی‌دا، پەرستنی بۆ غەیری خواش كردو، هەندێك لە جۆرەكانی عیبادەتی بۆ غەیری خوا كرد؛ ئەوا ئەو غەیری خوایەی كردوە بە شەریكی خوا لەپەرستن بۆكردنداو، وە بە كافرو موشریك حیساب دەكرێت و، خوا پەرستیەكەی بێ كەڵك دەبێت و، لێی وەرناگیرێت و، بەوە ئیسلامەتیەكەی هەڵدەوەشێتەوەو،، وە بەرەو دۆزەخ دەچێت بە هەتا هەتایی، ئەگەر دوای ئاگادار كردنەوەش تۆبە نەكات و پەشیمان نەبێتەوە.

پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ؛ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهاً وَاحِداً؛ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾ (التوبة:٣١).

واتە: جولەكەو گاورەكان زاناو خواپەرستەكانی خۆیانیان كردبوون بە پەروەردگار؛ بەوەی كە بە پێچەوانەی شەرعی خوا حەڵاڵ و حەرامیان لێ وەردەگرتن، وە هەروەها پێغەمبەر عیساشیان كردبوو بە پەرستراو، پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدا؛ لە حاڵەتێكیشدا كە فەرمانیان پێ نەكرابوو بەوە نەبێت كە تەنها یەك پەرستراو بپەرستن، كە هیچ پەرستراوێكی حەق نی‌یە تەنها خۆی نەبێت، وە پاك و بەرزو دوورە لەوانەی كە دەیانكەنە هاوشێوەو شەریكی ئەو.

كەواتە ئەگەر پەرستن بۆ پێغەمبەران و پیاوچاكانیش بكرێت، هەر بە شیرك دادەنرێت و، مرۆڤ پێی لە دین دەچێتە دەر.

وە پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ، إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، وَمَأْوَاهُ النَّارُ، وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة: من الآية٧٢).

واتە: ئەوەی شەریك بۆخوا دابنێت لە عیبادەتدا، ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ حەرام کردوەو، شوێنی دۆزەخەو، کەسیش پشتیوانی ئەو زاڵمەی پێ ناکرێت کە شەریکی بۆ خوا بڕیار داوە.

پێناسەی عیبادەت:

عیبادەت لە زمانی عەرەبیدا بەمانای:(الذُلُّ والخُضُوعُ) دێت، واتە: زەلیلی ومل کەچی.

وە لە شەرعدا عیبادەتکردن (التعبُّد) بریتیە لە: ((التذلل لله محبّةً وتعظيماً، بفعل أوامره واجتناب نواهيه، على الوجه الذي جاءت به شرائعُه))[1].

واتە: زەلیلی و ملکەچی نواندن بۆ خوا، زەلیلیەك کە لە خۆش ویستن و بە گەورەدانانەوە بێت، بە بەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە نەهیەکانی، بەو شێوەیەی کە شەرعەکەی پێی هاتووە. [2]

بەڵام خودی عیبادەت لە شەرعدا بریتیە لە:

(اسم جامع لِكُلِّ ما يُحبُّهُ الله، ويرضاه؛ من الأقوال والأعمال الظاهرة والباطنة، مع كمال المحبَّة والذل والخضوع، والبراءة مما يُنافي ذلك ويُضادُّهُ)[3].

واتە: وشەی عیبادەت ناوێکی کۆ گشتیە، بۆ هەموو ئەو گوفتارو کردارە، دەرەکی و ناوەکیانەی، کە پەروەردگار پێی خۆشن و، پێیان ڕازیە. وە بەجێگەیاندنی ئەوشتانەی پێشوو بەو پەڕی خۆشویستنەوە بۆ خوا، لەگەڵ تەواوی زەلیلی و ملکەچی نواندن تیایاندا بۆ خوا. وە هاوکات دووریش کەویتەوە لە هەموو ئەو کردارو گوفتارانەی کە ئەوەی پێشوت لێ لاواز بکات، یا هەڵی وەشێنێتەوە.

ڕوون کردنەوەیەك:

(1) ((شرح ثلاثة الأصول)) ص: ٣١. للشيخ ابن عثيمين –رحمه الله–.

(2) **تێبینی: دوو جۆر بەندە هەیە؛ چونکە بەندایەتی دوو جۆرە:**

جۆری یەکەم: بەندایەتیەکی بێ ویست و ئیرادە بۆ پەروەردگاریتی خوای گەورە (عبدٌ لِربوبيَّته). واتە بەندەی کراو بەبەندە(عبدٌ بمعنى مُعَبَّد) بێ هەڵبژاردن و ویست ومەبەستی بەندە خۆی.

ئەو جۆرە بەندایەتیەش هەموو بونەوەر دەگرێتەوە، بە گیاندارو بێ گیان. موسڵمانان و کافر. هەر هەموویان مل کەچ و ژێرباری ویستە قەدەریە بونەوەریەکانی پەروەردگارن و، پەروەردگاریتی خوای گەورە زاڵە بەسەریانەوە، کەس ناتوانێت ویست و ئیرادەی قەدەری خوا ڕەت کاتەوە. واتە کەس ژیان ومردن وتەمەن کورتی و درێژی و، نێریتی ومێیەتیو، سپێتی وڕەشێتیو، ساغی وناساغی خۆی بەدەست نیە: ﴿ إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْداً﴾.

واتە هیچ یەکێك نیە لەئاسمانەکان وزەویدا ئیللا بەسیفەتی بەندە دەگەڕێتەوە بۆلای خوا

جۆری دووەم: بەندایەتیەك بە ویست و ئیرادەی بەندە خۆی بۆ لایەنی پەرستراویتی خوای گەورە (عبدٌ لِأُلوهيَّته). ئەوەش بەندایەتی ئەوانەیە کە خۆیان بە ویست وئیرادەی خۆیان، ئیرادەی شەرعیو دینی خوا بەجێ دێنن (عبدٌ بمعنى عابد). بەندایەتی کردنێکە ئەوپەڕی زەلیلیو، تەواوی خۆش ویستنی تێدایە بۆ پەرستراویتی بەخشندەی خاوەن ناوە جوان وسیفاتە بەرزەکان. ئەو بەندایەتیەش تایبەتە بە بڕواداران؛ لە پێغەمبەران و پیاو چاکان و دۆستان و خۆشەویستانی خوا.

(3) ((المدخل لدراسة العقيدة الإسلامية على مذهب أهل السنة والجماعة))ص: ١١٤. د. إبراهيم البريكان.

(١) **گوفتاری دەرەکی** بریتی‌یە لەو عیبادەتانەی کە بە زمان دەکرێن، وەك شایەتمان هێنان و بانگەوازی و فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە و زیکرو دوعاو پاڕانەوەو، داوا لێ کردن و، داوای بەفریاکەوتن و، داوای پەنادان و، داوای یارمەتی لێ کردن و،..(الدعاء والاستغاثة والاستعاذة والاستعانة و الاستغفار و..).

(٢) **کرداری دەرەکی** بریتی‌یە لەو عیبادەتانەی کە بە لاشە ئەنجام دەدرێن وەك: ڕکوع و سوجدە بردن و ڕۆژوو گرتن و هیجرەت کردن و جیهاد بەدەست و لاشەو، حەجی ماڵی خوا کردن. وە هەروەها ئەو عیبادەتانەش کە بە ماڵ دەکرێن وەك: زەکات و خێرو قوربانی و نەزرو سەربڕین (النذر والنحر و...).

(٣) **گوفتاری ناوەکی** بریتی‌یە لەو عیبادەتانەی کە لە دڵدا دەبن، وەك: ئیعتیقاد پێ بوون و، بە ڕاست زانین.

(٤) **کرداری ناوەکی** بریتی‌یە لەو عیبادەتانەی کە بە دڵ ئەنجام دەدرێن: وەك خۆش ویستن و، لێ ترسان و، پشت پێ بەستن و، دڵ پێ خۆش بوون و...:

کەواتە عیبادەت بە (دڵ و زمان و لاشە و ماڵ) دەکرێت

جا کاتێك مرۆڤ موسڵمانەو تەنها بەندەی خوایە، کە ئەو عیبادەتانەی بە دڵ و زمان و لاشەو ماڵ دەکرێت، هەمووی تەنها بۆ ئەو پەروەردگارە بکات کە؛ دروستی کردوەو نیعمەتی بەسەردا ڕشتووەو سوودو قازانج و ژیان و مردن و بەهەشت و دۆزەخی بەدەستە. وە لە هیچ جۆرێکیاندا کەس نەکاتە شەریکی خواو، هیچیشیان بۆ غەیری خوا نەکات: هەروەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت: (الأنعام:١٦٢-١٦٣).

﴿ قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴾

واتە: بفەرموو: (١) نوێژەکەم (کە نوێژیش بە دڵ و زمان و لاشە دەکرێت). (٢) وە سەربڕین و قوربانیەکەشم (نُسُكي) (کە ئەمەش عیبادەتێکە بە ماڵ دەکرێت). بڵێ هەموو عیبادەتی دڵ و زمان و لاشەو ماڵم، (٣) وە هەموو ژیانم و(٤) مردنیشم؛ تەنها بۆ ئەو (ﷲ) یەیە، کە پەروەردگاری جیهانیانەو، شەریکی نیە. وە منیش بەوە فەرمانم پێکراوەو، من یەکەمی موسڵمانانم.

الإمام الطبري لە تەفسیرەکەیدا بۆئەم ئایەتە: ﴿**أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ، وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ**﴾ فەرمویەتی : ((يقول: وألم أعهد إليكم أن اعبدوني دون كل ما سواي من الآلهة والأنداد، وإيّايَ فأطيعوا؛ فإن إخلاص عبادتي، وإفراد طاعتي، ومعصية الشيطان هو الدين الصحيح والطريق المستقيم)).

مەرجەکانی عیبادەت

لە پێناسەی بەندایەتی و پەرستن بۆکردن لە شەرعدا کە بریتی بوو لە: (التذلُّل لله محبّةً وتعظيماً، بفعل أوامره واجتناب نواهيه، على الوجه الذي جاءت به شرائعُه). بۆمان دەردەکەوێت کە عیبادەت چەند مەرجێکی تێدا پێویستە:

١. (**صدق العزيمة**): بوونی عەزیمەتێکی ڕاست لە سەر گوێڕایەڵی کردنێکی کردەوەیی و واقیعی، بە بەجێهێنانی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان. کە ئەمەش مەرجی بوونی عیبادەتە (شرطٌ لوجود العبادة). ئەم مەرجەش لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێت کە خەتی بە ژێردا هاتووە: (التذلل لله محبّةً وتعظيماً، بفعل أوامره واجتناب نواهيه...)

٢. (**الإخلاص لله**): بوونی ئیخلاسێکی پاك و تەواو بۆ خوا لە پەرستندا، دوور لە ڕیایی و شەریك بۆ خوا دانـان. وە ئەم مەرجەش لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێت کە خەتی بە ژێردا هـاتووە: التذلل لله محبّةً وتعظيماً، بفعـل أوامـره واجتناب نواهيه،...)

٣. (**موافقـة السـنة**): بـوونی پێکاوپێکی‌یـەکی(الموافقـە) تـەواو لەگـەڵ سـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ لـە خواپەرستنەکەدا. بۆ ئەوەی خواپەرستیەکە دوور بێت لە بیدعـەو داهێنـراو. وە ئـەم مەرجـەش لـەم بڕگـەیـەدا دەردەکەوێت کە خەتی بە ژێردا هاتووە:(...، على الوجه الذي جاءت به شرائعُه).

وە دوو مەرجی دواییش مەرجی گیرابوونی عیبادەتەکەن، واتە کە هەرکام لەم دوو مەرجـە نـەبن؛ ئـەوە عیبادەتەکـە گیراو قەبوڵ نابێت.

وە ئەم ئایەتەش (الكهف:١١٠) بەڵگەیە لەسەر هەرسێ مەرجەکە:

﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ:

١. فَلْيَعْمَلْ (صدق العزيمة)

٢. عَمَلًا صَالِحًا (موافقة السُّنَّة)

٣. وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ (الإخلاص لله)

بۆچی خوا بپەرستین بەتەنها ؟

ئایا بۆچی پێویستە خوا بپەرستین؟!.

وە کە بشیپەرستین، بۆ دەبێت تەنها بۆ ئەو پەرستن بکەین و هیچ یەکێکی تر لەگەڵ ئەودا نەپەرستین، وە تەنها داوای یارمەتی و بە فریاکەوتن و پەناگرتن هەر لەو بکەین و ئیعتیقادمان هەر بەو بێت بە تەنها ؟.

ئایا پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکانیش، خۆشەویست و دۆست و (أولياء الله) نین؟. کەوابوو بۆچی دروست نیـە لەگەڵ خوای گەورە هاواریش بکەینە ئەوان و ناوی ئەوانیش بهێنین لەگەڵ خوا، وە نـەزریان بـۆ بکـەین و ئیعتیقادمـان پێیان بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەم چەند ڕوانگەیەکەوە دەدەینەوە:

ڕوانگەی یەکەم:

لە پێناسەی بەندایەتی و پەرستن بۆکردن لە شەرعدا، بۆمان دەردەکەوێت کـە لـە پەرسـتن کردنـدا چـەند ڕوکنێـك پێویستە: ئەگەر بوونیان نەبێت، ئەوە پەرستنیش بوونی ڕاستەقینەی نابێت، کە ڕوکنەکانیش بریتین لە:

١. زەلیلی و ملکەچی نواندنی تەواو.

٢. خۆشویستنێکی تەواو[1].

---

(1) تێبینی: عیبادەت دوو ڕوکنی سەرەکی و بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە:

٣. گوێڕایەڵی کردن؛ بە بەجێهێنانی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان.

جا کەبەندایەتیکردن ئەم شتانە بێت؛ ئەوە گومانی تێدانییە کە تەنها زاتی خوای پەروەردگار شایستەو شیاوی ئەوەیە ئەم جۆرە بەندایەتیەی بۆ بکرێت بەتەنها؛چونکە:

١. زەلیلی و ملکەچی بۆ یەکێك دەنوێنرێت کە ئەوپەڕی توانـاو دەسـەڵات و گـەورەیی و تۆڵـەو سـزای هـەبێت. ئـەم سیفەتانەش تەنها لە خوای پەروەردگاردا هەن کە ئەوە: ﴿المجيد، الكبير، العظيم، الجليل، العليُّ الأعلى، العزيز، القويُّ، المتينُ، الجبّار، المتكبِّر، الرقيبُ، المحيطُ، القهَّار، ذو الجلال والإكرام، القابِض الباسط، المعطي المانع ﴾

٢. وە خۆشویستنی تەواو تەنها بۆ یەکێك دەکرێت، کە خۆی لە خۆیدا جوان و تەواوو سیفەت بەرز بێت لە لایەکەوە، وە لە لایەکی تریشەوە بەخشندەو میهرەبان و خاوەن چاکە بێت لەگەڵ خەڵکی بێ بەرامبەر. وە هـیچ یـەکێکیش ئـەم دوو لایەنەی تێدا نین بەتەواوی جگە لە خوای بەبەزەیی کە ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوەو، خاوەنی چەندین سیفەتی بەرزو جوانــە وەك: ﴿ الصمد، الحميد، العفوُّ، الغفور، التواب، الودود، الفتاح، الرزاق، الغنيُّ، المُغني، الحلــيم، الشاكر، القريب، المجيب، الكافي﴾.

٣. وە گوێڕایەڵی یەکێك دەکرێت، کە فەرمانەکانی هەموو عەدل بن، وە فەرمان بە چاکەو شـتی پـاك و سـوودبەخش بکات، وە نەهیەکانی لە شتی خراپ وپیس و زەرەرمەند بێت. وە هەروەها فەرمانەکانی بگونجێن لەگـەڵ سروشـتی مرۆڤ.

وە تەنها فەرمانی ئەو زاتە لە هـەموو ڕوانگەیەکـەوە عــەدل و چـاك و سـوودبەخش و، گونجـاوە لەگـەڵ سروشـتی ئادەمیزاد ، کە ئادەمیزادی دروست کردووەو، بونەوەریش هەمووی لەسەر نیزامی ئەو بەڕێوە دەچێت:

﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴾ (الأعراف:٥٤).

﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْأِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾(الأعراف:١٥٧).

كمالُ الحب وغايته، مع غاية الذل.

واتە: تەواوی خۆش ویستن، لەگەڵ ئەو پەڕی زەلیلی و ملکەچی نواندن بۆ ئەو زاتەی کە کردارو گوفتارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێ.

کەواتە هەر کردەوەیەك کە ئەم دوو ڕوکنەی تێدا بێت، ئەوە عیبادەتە؛ جا کە بۆ خـوا بکرێـت، ئـەوە پەرسـتنێکی تەوحیـدی و پیرۆزە، وە کە بۆ غـەیری ئەویش بکرێت، ئەوە پەرستنێکی شیرکی وکوفرەو، خاوەنەکەی دەبێتە ئەهلی دۆزەخ بە بەردەوامی.

قال الحافظ الحكمي –رحمه الله–: ((وأنَّ مناطها– يعني العبادة– الذي لاقوام لها إلاّ به هو: كمال الحب وغايته، مع غاية الذل، ولا تسمى عبادة إلاّ مع ذلك كلّه... فإذا اجتمعا في العمل كان عبادة: إن كانت لله فهو التوحيد الذي هو أشرف المطالب، وإن كانت لغيره فالشرك الأكبر المخلد صاحبه في النار، والعيــاذ بالله)) . (معارج القبول) ١/ ٢٥٩.

وە هەر خوا خۆی خاوەنی ئەم سیفەتانەیە کە وادەخوازن تەنها ئەو مافی شەریعەت دانانی هەبێت و هەر خۆی شیاوی بەرنامەو یاسا بۆ دانان بێت، وەك:

[الحكم، العدل، الهادي، الرشيد، الحق، الرب، الملك، العليم، الخبير، السميع، البصير، الخالق، الباريء، المصوِّر، المهيمن، الحيُّ القيُّوم، الأوَّل، والآخِر، والظاهِر، والباطِن]

ڕوانگەی دووەم[1]: بێگومان:

١. هەموو زیندەوەرێك لەسەر ئەوە دروست بووەو ڕاهاتووە (مجبولٌ علَی) کە خۆشەویستێکی هەبێت و، ئەوی مەبەست بێت و، دڵی پێوەی بەند بێت و ئارام بگرێت و خۆشحاڵی تەواوی لێ وەدەست کەوێت.

٢. وە پێویستیشی بە یارمەتیدەرو گەیەنەرێك هەیە، بیگەیەنێتە داواکاریە مەبەست بووە خۆشەویستەکەی و ئەو خۆشیەی کە مەبەستیەتی.

٣. وە هەروەها مرۆڤ وا دروست بووەو، وا ڕاهاتووە کە لادان و دوورخستنەوەی زەرەرو ناخۆشی بەلاوە مەبەست بێت.

٤. وە دیسان بۆ لادانی ئەو ناخۆشیەش پێویستی بە وەسیلەو یاریدەدەرێك هەیە.

کەواتە هەموو مرۆڤێك ئەم چوار شتەی پێشووی پێویستەو، بوون و بەختەوەری نابێت بەبێ ئەم چوارە. بەڵام بابزانین ئەو چوارە چین ؟

(١) بێگومان دڵ ئەو زاتەی خۆش دەوێت و، ملکەچی بۆ دەنوێنێت و هۆگرو ئاڵودەی دەبێت، کە ئیعتمادی دەخاتە سەر، بۆ لێ وەدەست کەوتنی ڕزق و ڕۆزی و سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری خۆشحاڵی. وە لەبەر ئەو هەموو بەرژەوەندیە سودبەخشانەی کە لەوەوە دەستی دەکەون.

(٢) جا کە هاتوو ئەو زاتەی کە سەرچاوەی خۆشی ئەو دڵەیە، هەر ئەویش توانای دەست خستنی خۆشیەکانی هەبوو بۆ ئەو دڵە، واتە بەیارمەتی خۆشەویستەکەی بگاتە خۆشیەکانی لە خۆشەویستەکەی. ئەوە زیاتر خۆشی دەوێت و پشتی پێ دەبەستێت و زەلیلی بۆ دەنوێنێت.

(٣) وە کە بزانێت دوورکەوتنەوە لەو زاتە، یا ڕەنجانی ئەو زاتە لێی، سەرچاوەی زەرەرمەندی و ژیان تاڵی بەردەوامی ئەو دڵەیە؛ ئەوە زیاتر دڵ پێوەی بەند دەبێت و بە گەورەی دادەنێت و، لە تووڕە بوونیشی دەترسێت.

(٤) وە دەگەڕێت بەدوای وەسیلەو یاریدەدەرێك کە لە تووڕەیی ئەو بیپارێزێت. بەڵام دوای گەڕان و پشکنین، دیسان کەسی دەست ناکەوێت بتوانێت لەو مەترسیە گەورەیە لای بدات و، تووڕەیی ئەو زاتەی لێ بەدوور بگرێت، جگە لە زاتەکە خۆی نەبێت.

کەواتە تەنها خوای پەروەردگار شیاوی ئەوەیە خۆشمان بوێت؛ لەبەر خودی خۆی لەبەر ئەوەی کە خۆی تەواوەو خاوەنی ناوو سیفەتی جوان و بەرزە. وە دیسان خۆشمان بوێت لەبەر بەخشندەیەتی و میهرەبانێتی و چاکە زۆرەکانی لەگەڵ بەندەکانی کە نایەنە ژمار.

---

(1) بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە ڕوانگەی دووەم تا دەیەم بڕوانە:(مجموع الفتاوى)١/٢٠-٣٦. وە(إغاثة اللهفان) ص:٢٥-٤٠.

وە پێویستە تەنها ئەو پشتیوان و یاریدەدەرمان بێت بۆ دەست کەوتنی ڕەزابوونی و بەخشندەیی و فەزڵ و نیعمەتەکانی.

وە هەر لەویش بترسین کە خاوەنی هێزو دەسەڵاتێکی گەورەو بێ سنورەو هەموو هێزەکان لە ئاستیدا بێ هێزو، بێ دەسەڵات و نەبوون.

وە تۆڵەو سزاو تووڕەیی ئەو زۆر سەختەو ئەگەر لێمان تووڕە بێت ئەوە ڕەنج بەخەسارو زەرەرمەندی بەردەوام دەبین.

وە هەر پەناش بەو بگرین، لە تووڕەیی ئەو، وەك لە حەدیسدا هاتووە:

(أعوذ: برضاك من سخطك. وبمعافاتك من عقوبتك. وأعوذ بك منك).

(اللهم أسلمت نفسي إليك و وجّهت وجهي إليك وفوضت أمري إليك، و ألجئت ظهري إليك، رغبةً ورهبةً إليك، لا ملجأ ولا منجا منك إلاّ إليك...).

(لبيك وسعديك و الخير كله في يديك والشر ليس إليك).

کەواتە لە کۆتاییدا زانیمان مرۆڤ دڵی بەخۆشەویستێکەوە دەنیشێت و زەلیلی و ملکەچی لە پێناودا دەنوێنێت و بە گەورەی دادەنێت. وە بۆ گەیشتنیشی بە خۆشەویستەکەی پێویستی بە یارمەتیدەرێك و ئاسانکارێك هەیە.

بۆمان دەرکەوت کە تەنها زاتی خوا شیاوی ئەوەیە خۆشەویستی مرۆڤ بێت و بە تەواوی دڵی پێوەی بەند بێت و، زەلیل و ملکەچی بێت و، بە گەورەی دابنێت؛ چونکە تەنها خۆشویستنی ئەو سودبەخش و بێ زیانە[٢] وە هەر ئەویش تەواوو جوانەو بەخشندەو میهرەبانەو خاوەنی سیفاتی بەرزو پاك و پیرۆزە. کە شیاوی ئەوەیە لە هەموو ڕوانگەیەکەوە خۆشمان بوێت. وە خۆشی و بەختەوەریش هەمووی لە خۆشویشتنی ئەودایە.

وە تاکە زاتێکیش کە بتوانێت بە ڕەزامەندی ئەوت بگەیەنێت و خۆشیت بۆ دابین بکات و ناخۆشیشت لەسەر لابەرێت هەر تەنها خۆیەتی (سبحانه وتعالى).

کەواتە تەنها ئەو پەرستراومانەو داوای یارمەتیش هەر تەنها لەو دەکەین:

﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة:٥).

ڕوانگەی سێیەم: بەڕاستی پێداویستی بەندەکان بەوەی کە تەنها (الله) پەرستراویان بێت و، پەرستنی بۆ بکەن. وەکو پێداویستییانە بەوەی کە پەروەردگاریان بێت و دروستیان بکات و ڕزقیان بدات و لەش ساغ و خۆشحاڵیان بکات.

واتە هەروەکو چۆن بەبێ ئەو پەروەردگارە نە بوونیان دەبێت، وە نە بەردەوامیش. بەهەمان شێوەش ـ بگرە زیاتریش لەمانەی پێشوو ـ ئەگەر بەندایەتی کردنیان نەبێت بۆ خوا؛ ئەوە ژیانی ڕاستەقینەیان لە دەست دەچێت و، ژیانی تاڵی دونیاو قیامەتیان تووش دەبێت. کەواتە بۆ ئەوەی خۆشحاڵی ڕاستەقینەو بەردەوامیان دەست کەوێت، ئەوە لە نان و ئاو

---

(٢) هەر یەکێکی ترت خۆش بوێت ئەگەر بۆ ئەو و لە پێناو ئەودا نەبێت. وە بۆ ئەوە نەبێت کە یارمەتیدەرت بێت بۆ زیاتر خۆشویستنی خوا، ئەوە زیان بەخشە بۆ بەندە و زەرەری زیاترە لە قازانجی .

زیاتر، پێویستیان بەوەیە کە خوا بپەرستن و لە هەموو یەکێك خۆشتریان بوێت و ڕازی بێت لێیان و لە تووڕەیی خۆی بیانپارێزێت.

چونکە فەقیریی دونیا ماوەکەی کورتەو بڕاوەیەو هەتا سەر نیە، بەڵام فەقیریی قیامەت هەرگیز ماوەیەو بەردەوام نەبڕاوەیە.

وە مرۆڤ گەر لاشەکەی ماوەیەکی کورت لە نارەحەتی دابێت لە ژیانی دونیای بڕاوە، ئاسانترە لەوەی دڵ و لاشەی بە بەردەوامی لە تاڵی و عەزاب و ئازاردا بێت لە دوارۆژی نەبڕاوە. پەنا بەخوا.

وە هەروەها دڵی مرۆڤ خۆش نابێت بە بەدەوامی و تەواوی لە هەموو ڕوانگەیەکەوە، تەنها بە خوا نەبێت.

بەڵام غەیری خوا ئەگەر ببێتە هۆی خۆشی‌یەکیش بۆ دڵی مرۆڤ؛ ئەوە نە خۆشیەکی تەواوو بێ ناخۆشی دەبێت، وە نە تاسەرو بەردەوامیش دەبێت. وە بگرە زۆر جاری واش هەیە ئەو خۆشی‌یە کاتی‌یە، خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی ناخۆشی و ژیان تاڵی داهاتووی هەتاسەر.

وە نیشانەی ئەم ڕاستیانەش لە واقیعدا دەبینرێن زۆر بە ئاشکرا.

بۆ نمونە موسڵمانی تەنها خوا پەرست بە ڕاستی و لەسەر زانستی، بەردەوام دڵ خۆش و ڕوو گەشە. وە خۆشی و لەزەتی ئیمان و خوا پەرستیەکەی بە هەموو دونیا ناگۆڕێتەوە. وە بگرە ئەوکاتە بەلایەوە خۆشترین کاتە، کە هەموو دونیای دەکاتە قوربانیی خوا پەرستیەکەی، وە خۆشی لەو پێناوەدا بەخت دەکات.

وە تاوەکو زیاترو چاکتر خوا پەرستی بکات، ئەوە زیاتر لە هەموو کاتەکانی تری خۆشحاڵترە، ئەگەر لە دونیاشدا لە هەموو کەس هەژارترو بێ دەسەڵات تریش بێت.

بەڵام مرۆڤی دوور لەخوا، کە بەندایەتی و ملکەچی بۆ خوا ناکات و، دڵەکەی خۆشویستنی تەواوی خوای تێدا نیە، دەبینین ئەو مرۆڤانە ئەگەر خاوەنی هەموو سامان و دەسەڵاتی دونیاش بن، هەر دڵتەنگ و ژیان تاڵ و نا ئارام و نا موڕتاحن، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینەیان ـ کە (الله)یە ـ لە دەست چووە، ، کە ئارامی تەواوو کامل بە دڵ دەدات : ﴿أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ ، بۆیە دەبینین هەر ڕۆژەی خۆشەویستێك دەگۆڕن و دڵیشیان هەر ناحەسێتەوە:

جا هەندێکیان خۆشەویستەکەی ماڵ و سامانە، کە لای هەموو شتێکە، وە ئامادەش نی‌یە دینارێك ببەخشێ بەبێ بەرامبەرو بەدیل. بەڵام ئامادەیە ناموس و شەرەفەکەی بفرۆشێت بە پارە.

هەندێکیشیان زەعامەت و دەسەڵات وناو و شوهرەت خۆشەویسترین شتە بەلایەوە. وە لە پێناو دەست کەوتن و مانەوەی زەعامەتەکەی، ئامادەیە سەدان و هەزاران کەس بە کوشت بدات و بیانکاتە قوربانی دەسەڵاتەکەی ئەگەر بە جۆگەی خوێنیش بێت !.

وە هەندێکیشیان ئافرەت سەرخۆشی کردووەو بەلایەوە گەورەترین ئاوات و مەبەستەو، خۆشویستنی ئافرەت دڵی داگیر کردووەو، ئاگای لە چاکەو مرۆڤایەتی و یادی پەروەردگاری نەماوە.

بەڵام بێگومان هەر یەك لەم سێ خۆشەویستەی ئەوان، ئاکامێکی تاڵی دەبێت و ژیانی ناخۆشیشی بەدواوەیە.

وە جاری واش هەیە کە خۆشەویستەکەی دەست ناکەوێت، یان لە دەستی دەچێت، خۆی ئینتیحار دەکات و خۆی دەکوژێت. کەواتە خۆشەویستەکەی بووە هۆی ناخۆشحاڵی دونیاو دوا ڕۆژی. وە لەزەتی خۆشەویستیەکەی وەکو خواردنێکی شیرینی ژەهراوی کراو وابوو، سەرەتا بە شیرینی‌یەکەی خەڵەتاو، کۆتاییەکەیشی لەناوچوونی خۆی بوو بە ژەهرەکە.

کەواتە چۆن لاشە پێویستی بە خواردن و خۆراك و ئیسراحەت هەیە، بە هەمان شێوەش ـ بگرە زیاتریش ـ دڵ پێویستی بە خۆشی و ئیسراحەت هەیە. وە تاکە خۆشی و ئیسراحەت و ئارام و لەزەتی دڵ، لەوەدایە کە تەنها خوا پەرستراوی بێت و لە هەموو یەکێك زیاتر خۆشی بوێت و ڕەزا بوونی ئەوی دەست کەوێت و تووڕەیی و سزای ئەوی لێ بەدوور بێت.

ڕوانگەی چوارەم:

لە دوو ڕوانگەی سەرەکی‌یەوە بەندەکان بە دڵەکانیان دەگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگاریان.

ڕوانگەی یەکەم: ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ سوودو قازانجێکی تەواوو بێ زیانی بەردەوامی دەست ناکەوێت لە غەیری خوا؛ چونکە سوود و قازانجی تەواو تەنها لەوەوە دەست دەکەوێت و زیان و ناخۆشیش تەنها ئەو لەسەری لادەدات. لەبەر ئەوە داوای یارمەتی لێ دەکات و پشتی پێ دەبەستێت، وە ئەو داوای یارمەتی لێ کردن و پشت پێ بەستنەش وای لێ دەکات خۆشی بوێت و سوپاسی بکات و بەندایەتی بکات لە بەرامبەر ئەو هەموو نیعمەتە زۆرانەی کە لەگەڵیدا کردووە.

واتە پشت پێ بەستنی و داوا لێ کردنی دەیگەیەنێ بە خۆش ویستنیو بەندایەتی کردنی. کە ئەمەش ڕوانگەی دووەمە کە بریتی‌یە لە:

بەندایەتی کردنی خوا لەبەر خۆش ویستنێکی تەواو بۆی کە هەموو دڵی پڕ کردووەو پێوەی شادو گەش و خۆشحاڵ بووە.

وە خوای پەروەردگار لە قورئانەکەیدا زیاتر لە ڕوانگەی یەکەمەوە بانگی بەندەکانی دەکات بۆ ڕوانگەی دووەم کە بریتی بوو لە بەندایەتی کردنی خوا لەبەر خۆش ویستنێکی تەواو بۆی و دڵ پێوە بەندبوون و ئاڵودە بوونی. هەروەك لەڕوانگەی یانزەهەم دەردەکەوێت.

وە نمونەی ئەم دوو ڕوانگەیەش وەك کەسێك وایە، کە بەڵایەکی گەورە، یان فەقیری، یان ترسێکی زۆری تووش بووبێت، ئەویش زۆر بە زەلیلی و ملکەچی و ئیخلاسیەوە ڕوو دەکاتە خواو داوای یارمەتی و فریاکەوتنی لێ دەکات، تا وای لێ دێت، خودی گەڕانەوەکەی بۆلای خواو موناجات و پاڕانەوەکەی لەخوا، بەلاوە خۆشتر دەبێت لەو داواکاریەی کە پێشتر هەیبوو، هەرچەندە لەسەرەتادا تەنها مەبەستیشی داواکاریەکەی بوو. نەك ئەو لەزەتی پاڕانەوە لە خواو گەڕانەوە بۆ لایی و دڵ شادبوون پێی.

ڕوانگەی پێنجەم:

هەرکەسێك یەکێکی تری ـ جگە لەخوا ـ خۆش بوێت زیاد لە پێویست، یان خۆش ویستنەکەی بۆ خواو لەپێناوی ئەودا نەبێت، ئەوە بێگومان تووشی زەرەرو ناخۆشحاڵی دەبێت بەهۆی خودی خۆشەویستەکەیەوە، لە دونیا پێش قیامەت، یان هەر لە دوا ڕۆژ، یا لەهەر دوولا. جا دەستی کەوتبێت یان نا؛ چونکە:

١. پێش دەست کەوتنی هەر لە عەزاب و غەم و پەژارەدایە، وە کە دەستیشی کەوت بەردەوام خەمی لە دەست چوونیەتی، چونکە تاکو سەر نابێت، وە کە لە دەستیشی چوو زۆر زیاتر غەمبارو دڵتەنگ دەبێت.

٢. وە ئەگەر دەستیشی نەکەوێت، ئەوە دائیم دڵی بریندارو غەمبارو تەنگە بە ئەندازەی هۆگری و گیرۆدەیی بە خۆشەویستەکەی. جا ماڵ بێت یان ئافرەت، یان ڕیاسەت وەك پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿فَلا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ﴾ (التوبة:٥٥).

ئەوە سزای دونیا، وە لە ڕۆژی دواییشدا:

﴿وَقَالَ إِنَّمَا اتَّخَذْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْثَاناً مَوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا . ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُمْ بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُمْ بَعْضاً وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَاصِرِينَ﴾ (العنكبوت:٢٥)

﴿الأَخِلاَّءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلاَّ الْمُتَّقِينَ﴾ (الزخرف:٦٧).

ڕوانگەی شەشەم:

پەروەردگار مرۆڤی بۆ ئەوە دروست کردوە کە بیپەرستێت، کە پەرستنی ئەویش بریتییە لە ناسینی و خۆش ویستنی و تەسلیم بوونی و ملکەچ بوونی و یادکردنی و بە گەورە دانانی. ئەم پەرستنەش خۆشحاڵی و بەختەوەری ڕاستەقینەی مرۆڤی تێدایە. چونکە دڵی مرۆڤ ئارام ناگرێت و خۆش نابێت و ئیسراحەت ناکات، تەنها بەوە نەبێت کە خوای پەروەردگار خۆشەویستی بێت و ئەمەل و هیواشی بە ئەو بێت و بەندەی ڕاستەقینەی ئەو بێت لە دونیا. وە لە دوا ڕۆژیشدا خۆشترین پاداشت بەلای خوا پەرستانەوە، بینینی زاتی پەروەدگاری خۆشەویستیانە.

کەواتە لە دونیا خۆشترین شت بەلای مرۆڤە عاقڵەکان ئەوەیە کە دڵەکانیان تەنها ڕوو لە خوا بن و خۆش ویستنی ئەو پڕی کردبنەوەو، یادی ئەو ئاوەدانی کردبنەوە. وە لە دوارۆژیش ڕەزا بوونی و بینینی خوا خۆشترین شتە بەلایانەوە:

(أسألك خشيتك في الغيب والشهادة... وأسألك نعيماً لا ينفد، وقرة عينٍ لا تنقطع، وأسألك الرضى بعد القضاء وبرد العيش بعد الموت، وأسألك لذّة النظر الى وجهك الكريم والشوق الى لقاءك في غير ضراء مضرة، ولا فتنة مضلة).

وە پێچەوانەی ئەوە ئەگەر دڵ گیرۆدەی غەیری خوا بێت و، خۆشویستن و پەرستنی بۆ غەیری ئەو بێت، ئەوە سەرچاوەی هەموو ژیان تاڵی و زەرەرمەندیەکیەتی:

﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ.وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾ (الانفطار: ١٣ــ١٤).

ڕوانگەی حەوتەم:

لە پشت بەستنی مرۆڤ بە غەیری پەروەردگاری، زەرری پێ دەگات لە خودی پشت پێ بەستراوەکەی، بە پێچەوانەی هیواو ئومێدەکەی.

بۆ نمونە: مرۆڤی موشریك لە پەرستن و پشت بەستنی بەغەیری خوا، سەرکەوتن و بەختەوەربوونی مەبەستە، بەڵام پێچەوانەی ئاواتەکەی لێوە بە نسیب دەبێت، وەك دەبینین پەروەدگار لەم ئایەتانەدا ئەم ڕاستیەی ڕوون کردۆتەوە:

﴿وَاتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا . كَلَّا سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا﴾ (مريم:٨١-٨٢).

کەواتە زەرەرو ڕیسوایی مرۆڤ لەوەدایە کە غەیری خوا بپەرستێت و پشتی پێ ببەستێ، بەڵام سەرکەوتن و سەرفرازی و سەربەرزی و بەختەوەری لەوەدایە کە تەنها خوا بپەرستێت و داوای یارمەتیش تەنها هەر لەو بکات ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة:٥).

ڕوانگەی هەشتەم:

پێویستە مرۆڤ تەنها خوا بپەرستێت و ڕووبکاتە ئەو و ڕەجای ڕەحمەتی ئەو بکات و داوای هێنانی خێر و خۆشی و، لادانی شەڕو ناخۆشی هەر لەو بکات؛ چونکە ئەو پەروەردگارە سەرەڕای بوونی توانای لەسەر بەجێهێنانی داواکاریەکان، کە چاکەت لەگەڵ دەکات و یارمەتیت دەدات و خۆشیت بۆ دەهێنێت و شەڕت لەسەر لادەدات هەمووی تەنها بۆ خاتری خۆتە نەك بۆ خاتری خۆی. واتە خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەند و بەڕێزو بەخشندەو میهرەبانەو بێ پێویستە لە بەندەکانی، وە بۆ ئەوە چاکەت لەگەڵ ناکات تاوەکو تۆش ڕۆژێك لە ڕۆژان چاکەی لەگەڵ بکەیتەوە، یان بە فریای بێیت و پاداشتی بدەیتەوە.

بە پێچەوانەی مرۆڤەکان کە چاکە لەگەڵ یەکتری ناکەن بە بەرامبەر نەبێت، واتە هەر کەسێك یارمەتیت بدات ئەوە لەبەر موحتاجی و بەرژەوەندی خۆی یارمەتیت دەدات، بۆ ئەوەی پاداشتی ئەو یارمەتی و چاکە کردنەی وەربگرێتەوە لە دونیا، یان لە قیامەت، لەتۆ، یان لە پەروەردگار، بەگوێرەی نیەتی ئەو کەسە. کەواتە لە هەردوو حاڵەتدا مرۆڤ کە چاکەیەکت لەگەڵ بکات ئەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی پێش بەرژەوەندی تۆ!.

کەواتە ئومێد بوونت بە چاکەو یارمەتی خوا سود بەخشەو هیچ باجێکی بەدواوە نیە. بەڵام ئومێد بوون بە چاکەی غەیری خوا بێ باج و منەت و زەرەر نابێت؛ چونکە کەس چاکەت لەگەڵ ناکات بێ بەرامبەر تەنها خوا نەبێت کە هیچ پێویستیەکی بە بەندەکانی نیە، وە کە پەرستنیشی لەسەر داناوین بۆ بەختەوەر بوون و خۆشحاڵی خۆمانە نەك ئەو موحتاجی بەندایەتی ئێمە بێت بەڵکو ئەگەر هەموو خەڵکی خواپەرست بن هیچ لە خوایەتی خوا زیاد ناکات، وە ئەگەر هەموو خەڵکیش کافر بن هیچ لە خوایەتی ئەوکەم ناکات.

ڕوانگەی نۆیەم:

زۆربەی خەڵکی تۆی بۆ خۆی دەوێت نەك بۆ خۆتی بوێت.

واتە دەیانەوێت لە تۆوە سودمەند بن، وە بەسەر تۆدا سەرکەون بۆ بەرژەوەندیەکانیان، ئەگەر چی بە زەرەری دین و دونیای تۆش تەواو بێت !.

بەڵام پەروەردگار تۆی بۆ خۆت دەوێت، وە کە بەندایەتی لەسەر داناویت لەبەر پێویستی و موحتاجێتی خۆی نیە بەم پەرستنەی تۆ بۆ ئەو، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تۆیەتی، تاوەکو بەختەوەری دونیاو دوارۆژ بیت. کەواتە چۆن هیواو ئومێدت بە غەیری خوا دەبەستیت و چۆن ئیعتیماد دەکەیتە سەر غەیری خوا.

ڕوانگەی دەیەم: ئومێد بوون بەغەیری خوا، وە پەرستن و داوا لێ کردن و پشت پێ بەستنی بێ سوودەو بگرە زەرەریشە؛ چونکە غەیری خوا:

١. نازانێت بەرژەوەندی تۆ لە چی دایە تاوەکو خوا فێری نەکات.

٢. وە ناشتوانێت یارمەتیت بدات و بەرژەوەندیەکەت بۆ دابین بکات تاوەکو خوا یارمەتی نەدات و توانای ئەوەی پێ نەبەخشێت.

٣. وەناشیەوێت یارمەتیت بدات تاوەکو خوا وای لێ نەکات بیەوێت یارمەتیت بدات.

کەواتە هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ خوا. کەوابوو دڵ بەستنەوە بەغەیری خواو ئومێد پێ بوون و پشت پێ بەستنی زەرەرە بۆ بەندە، نەك سود بەخش؛ چونکە وازی هێنا لەو زاتەی کە هەموو شتێکی بە دەستە، بۆ کەسێك کە هیچی بە دەست نیە تەنانەت بۆ خۆیشی.

وە ئەگەر هەموو دونیا کۆبێتەوە بۆ ئەوەی سودێك بە تۆ بگەیەنن، ناتوانن تەنها ئەوە نەبێت کە خوا بۆتی نوسیوە. وە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەویش بیانەوێت زەرەرێکت لێ بدەن ناتوانن تەنها ئەوە نەبێت کە خوا لەسەری نوسیویت، وەك لە حەدیسی (ابن عباس) دا پێغەمبەر ﷺ وای فەرمووە[١].

ڕوانگەی یانزەهەم[٢]:

لە بەر ئەوە دەبێت تەنها خوا بپەرسترێت و سەربڕین و نەزر (لەخۆ گرتنی) بۆ بکرێت، و هاواری بکرێتێ و داوای یارمەتی و بەفریاکەوتنی لێ بکرێت؛ چونکە ئەو بەتەنها، پەروەردگارەو خالیقەو ڕازیقەو بیسەرەو بینایەو زیندووەو نەمرەو بەتواناو دەسەڵاتەو، خاوەنی هەموو بونەوەرەو، خێرو خۆشی و، زەرەرو زیان و، سودو قازانج و، هیدایەت و گومڕایی و، بەختەوەری و شەقاوەت و، دەوڵەمەندی و فەقیری و، عیززەت و زەلیلی و، مردن و ژیان، تەنها لای خوایەو بەدەست ئەوە بە تەنها. بەڵام غەیری(الله) هیچ شتێکی لەمانەی سەرەوەی بەدەست نیە بۆ خۆیشی، چجای بۆ خەڵکی.

وە پەروەردگار بە دوو ئایەت لە سوڕەتی (الفرقان)، ڕوونی کردۆتەوە کە تەنها خۆی شایستەی پەرستن و داوا لێ کردنەو، غەیری ئەو نا شایستەیە، وەك دەفەرموێت:

﴿ الذي له ملك السماوات والأرض. ولم يتخذ ولداً . ولم يكن لهُ شريكٌ في الملك. وخلق كُلَّ شيءٍ، فقدّره تقديراً . واتخذوا من دونه آلهةً لا يخلقون شيئاً وهم يخلقون ولا يملكون موتاً ولا حياةً ولا نشوراً﴾ الفرقان (٢ - ٣)

دەبینین (تەنها شایستەیی خۆی بۆ پەرستن) بە پێنج سیفات دەربڕیوە:

(1) سنن الترمذي: حديث حسن صحيح .

(2) بڕوانە (أضواء البيان)(٦ / ١٧٨ ــ ١٨٣) .

١ـ تەنها خۆی مەلیك و خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییەو موڵك تەنها هی خۆیەتی.

٢ـ هیچ منداڵی بۆ خۆی دانەناوەو بێ پێویستە لە جێگرو میرات گرو جێ نشین؛ چونکە خۆی بەردەوام زیندووەو خێزانی نیە. ٣ـ هیچ شەریکی نیە لە موڵکەکەیدا.

٤ـ خالیقی هەموو شتێکە. ٥ـ ئەندازەی بۆ هەموو دروستکراوێکی داناوە لەکات و شوێن و قەبارەو شێوەو چۆنیەتی، زۆر بە ووردی و ڕێکی و تەواوی.

وە لەبەرامبەر خۆیشیدا ، باسی ئە پەرستراوانە دەکات کە خەڵکی هاواریان دەکەنێ و نەزرو سەربڕین و پەرستنیان بۆ دەکەن، ﴿ واتخذوا من دونه آلهةً ﴾.

وە بەم سیفەتانەی خوارەوە ـ کە نیشانەی ناشایستەیین بە پەرستن ـ وەسفی ئەوانی کردووە. سیفەتەکانیش ئەمانەن:

١–﴿ لا يخلقون شيئاً ﴾ **واتە: هیچ دروست ناکەن و توانای دروست کردنی هیچیان نیە.**

٢– ﴿ وهم يُخْلَقُون ﴾: **وە خۆیان دروست کراون و خوا دروستی کردوون.**

٣– ﴿ ولا يملكون لِأنفسهم نفعاً ولا ضرّاً ﴾ **واتە: هیچ سوودو زیانیان بۆ نەفسی خۆشیان بە دەست نیە.**

٤–٦ ﴿ ولا يملكون موتاً ولا حياةً ولا نشوراً ﴾

واتە: بە دەستیان نیە نە مردن، نە ژیان، نە زیندوو بوونەوە.

کەواتە کەسێك یان شتێك کە ئەمە سیفەتەکانی بن، ئەوە شایستەی ئەوە نیە هاواری بکرێتێ و، هیچ جۆرە عیبادەتێکی بۆ بکرێت.

وە لە چەندان ئایەتی قورئاندا پەروەردگار بەم سیفەتانە بەراورد دەکات لە نێوان پەرستراوی حەق کە خۆیەتی و، لەنێوان پەرستراوە ناشایستەکان. هەروەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

* ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَيْءٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ الروم : ٤٠.

واتە: (اللّه) **کە پەرستراوی شیاوو ڕاستە ئەوەیە کە:**

دروستی کردوون و، لەپاشان ڕزق و ڕۆزی داون و، لەپاشان دەتان مرێنێ و، لەپاشان زیندوتان دەکاتەوە. جا ئایا لە نێوان پەرستراوەکانی ئێوە کە کردوتانن بە هاوەڵی خوا، یەکێك هەیە ئەو کارانە بکات کە خوای پەروەردگار کردوونی.

(سبحانه وتعالى): **واتە پاکی و بەرزی بۆ پەروەردگارە لەو پەرستراوانەی کە دەیانکەنە شەریك بۆ خوا.**

* ﴿ والذين يدعون من دونه لا يَخلقون شيئاً وهم يُخلقون. أمواتٌ غير أحياءٍ. وما يشعرون أيّان يُبعثون﴾ النحل (٢٠ — ٢١).

واتە: ئەوانەی دەیان پەرستن و هاواریان دەکەنێ جگە لە خوا، هیچ دروست ناکەن و، خۆیان دروست کراون، مردوون و زیندوو نین، وە نازانن کەی زیندوو دەکرێنەوە.

* ﴿ ذلكم الله ربُّكم له الملكُ والذين تدعون مِن دونه ما يملكون من قِطمير﴾ فاطر (١٣).

واتە: ئەو(الله)یە پەروەردگارتانەو شایستەی پەرستن و هاوار لێ كردنە، كە (لَهُ الملك) واتە موڵك هەمووی هی ئەوە. وە ئەوانەی دەیان پەرستن و هاواریان دەكەنێ جگە لەو خوایە موڵكایەتیان بەدەست نیە، كەواتە یەكێك موڵكی نەبێت چۆن دەپەرسترێت ؟!

* ﴿ قُلِ ادعوا الذين زعمتم من دون الله: لا يملكون مثقالَ ذرّةٍ في السماوات ولا في الأرض وما لهم فيهما من شركٍ وما له منهم من ظهير ﴾ سبأ (٢٢).

واتە: ئەی محمد بفەرموو بە موشریكەكان: دەی هاوار بكەنە ئەو بت و سەنەم و فریشتەو پێغەمبەرو پیاوچاكانەی كە دەیان پەرستن و هاواریان دەكەنێ لەگەڵ خوا، بزانن ئایا وەڵامی داواكاریەكانتان دەدەنەوە ؟!

وەڵامتان نادەنەوە؛ چونكە:

١. **ئەوانە خاوەنی كێشی زەڕڕەیەكیش نین، نە لەئاسمانەكان و، نە لە زەویدا،**

٢. **وە هەروەكو سەربەخۆ هیچ موڵكیان نیە. هەروەها بە شەریكایەتیش شەریكی خوا نین لەهیچ شتێكی ئاسمانەكان و زەویدا.**

٣. **وە هەروەكو شەریكیشی نین لە موڵكدا جێگرو یاریدەدەرو پاڵپشتیشی نین لە دروست كردن و بەڕێوەبردنی هیچ شتێك.**

كەواتە لە ڕوانگەی یانزەهەم بە تایبەتی و ڕوانگەكانی پێشتریش بە گشتی بۆمان دەركەوت كە تەنها خوا شیاوی پەرستنە؛ چونكە تەنها ئەو سیفاتی پەروەردگاریتی و پەرستراویتی تێدایە. وە بەختەوەری و ئاسودەیی و خۆشحاڵی وكامەرانی مرۆڤیش تەنها لەوەدایە كە بە تەنها ئەو پەرستراوە حەقە بپەرستێت. وە دڵ تەنگی و ژیان تاڵیشی لەوەدایە كە خوا بە تەنها نەپەرستێت و شەریكی بۆ دابنێت.

پرسیار: عیبادەتەكان چین و، بۆ كێ دەكرێن ؟.

وەڵام: هەر كردارو گوفتارو بیروباوەڕێك،كە خوای گەورە ﷻ فەرمانی پێكردبێت، یا پێی خۆش بێت،ئەوە عیبادەتەو، پێویستە تەنها بۆ ئەو ﷻ بكرێت،وە لادانی بۆ غەیری الله شیركە[1]

١. **نوێژ كردن و زەكات بەخشین:**

﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴾ (البينة:٥)

٢. **كڕنۆش بردن سەردانەواندن** (السجود والركوع):

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (الحج:٧٧)

﴿ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ (فصلت:٣٧)

---

1) قال الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي-رحمه الله-: ((**فكل اعتقاد أو قول أو عمل، ثبت أنّه مأمورٌ به من الشارع؛ فَصَرْفُه لله وحده توحيد وإيمان وإخلاص، و صرفه لغيره شرك وكفر**)). (القول السديد شرح كتاب التوحيد) ص: ٤٦. و ((الضياء الشارق في رد شبهات الماذق المارق))ص: ٤٤٧ الشيخ سليمان بن سحمان.

٣. **ڕۆژووگرتن:**

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة:١٨٣)

٤. **حەج کردن:**

﴿ وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾(آل عمران: ٩٧)

٥. **پاڕانەوەو داوا لێ کردن:**

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر:٦٠)

٦. **ترسانێکی نهێنی بە ئیعتیقادەوە کە لە بیروباوەڕو ئیعتیقادی دڵەوە دروست دەبێت** (الخوف والخشية والرهبة):

﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران:١٧٥)

﴿الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ ﴾(المائدة: ٣)

﴿وَقَالَ اللَّهُ لا تَتَّخِذُوا إِلَهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ ﴾ (النحل:٥١)

٧. **خۆش ویستن** (المحبة): **کە ئەوپەڕی بە گەورە دانان و زەلیلیو مل کەچیو ژێر باری لەگەڵدایە بۆ خۆش ویستراو، واتە خۆش ویستنەکەی بە شێوەیەکی وابێت کە زەلیل و مل کەچ و ژێر باریشی کردبێت و زۆریشی بەگەورە دابنێت. ئەمەش خۆش ویستنی بەندایەتییە** (محبة عبادة):

﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبّاً لِلَّهِ﴾ (البقرة: ١٦٥).

٨. **ڕەجا لێکردن و ئومێد پێبوون** (الرجاء والرغبة):

﴿أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً﴾ (الكهف: ١١٠)

٩. **ئیعتیقاد پێبوون کە توانای هێنانی خۆشی و لادانی ناخۆشی هەیە:**

﴿أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ﴾ (النمل:٦٢)

١٠. **داوای بەفریاکەتن کردن** (الاستغاثة):

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنَ الْمَلائِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾ (الأنفال:٩)

١١. **داوای پەنا پێ گرتن** (الاستعاذة): ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾ (الفلق:١) ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ (الناس:١)

١٢. **داوای یارمەتی کردن** (الاستعانة): ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة:٥)

١٣. **پشت پێ بەستن و ئیعتیماد خستنەسەر (التوكل و الاعتماد):**

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾(المائدة: ٢٣)

١٤. **بەجێگەیاندنی نەزرو لەخۆگرتن** (الوفاء بالنذر):

﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْماً كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيراً ﴾ (الانسان:٧)

١٥. **حەیوان سەربڕین** (الذبح والنحر):

﴿ قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (الأنعام:١٦٢) ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ﴾ (الكوثر:٢)

وە چەندان جۆری تریش کە عیبادەتن؛ چونکە پەروەردگار فەرمانی پێکردون و پێیان ڕازیە. جاکە بۆ خـودی خۆی بکرێن بەتەنها، ئەوە عیبادەتێکی پاکەو دوورە لە شیرک. بەڵام ئەگەر یەک جۆر لەو عیبادەتانە بـۆ غـەیری خوا بکرێت، ئەوە هەموو عیبادەتەکانی تریشی پێ هەڵدەوەشێنەوەو خاوەنەکەی بە موشریک و کافر دادەنرێت، نەک بە موسڵمانی تەنها خوا پەرست (الموحِّد). چـونکە موشـریکەکانیش خوایـان دەپەرسـت، بـەڵام چـونکە بەتەنهایی نەبوو، خوا بەکافری دانان و وتی ئێوە هەر خواپەرست نین:

﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ. لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ. وَلا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ﴾ (الكافرون).

جا بۆ ئەوەی بەڕوونی بزانیت شیرك چیە؛ ئەوە لە بەشی دووەمدا تۆزێك بە درێژی باس لە شیرك دەکەین دوای ئەوەی کـە لـەم بەشی یەکەمەدا زانیت عیبادەت کردنی خوا چیە و بە چی دەکرێت .